# سەبارەت بەشوبهاندنی مەسعود بـــــــارزانی بەیاسر عەرەفاتی کوردستان



## میدیـاکـانی ئـەمەریـکاو پـەرەسەندنی گوشارو هەڕەشەکان لەسەر کورد

**بەختیار حەمە سەعید عەزیز**

بڵاوکراوەی (وۆرد پۆلیتیکس ریڤیو (Politics Review World) لەیەکەم رۆژی ئەم مانگەدا، بەقەڵەمی سام برانن «Brannen sam» مەسعود بارزانیی کرد بەنیشانەو چەند تیرێکی تیژی تێگرت.. هاوشێوەی مایکل رۆبن، سام برانن مەسعود بارزانیی بەیاسر عەرەفاتی سەرۆکی کۆچکردووی فەلەستین چواندو رایگەیاند کەبارزانی وەك یاسر عەرەفاتی کوردستان سیاسەتێكو رێبازێکی گرتووەتەبەر کە سەرەنجام مەترسیی بۆ سەر خەڵکی کوردستان هەیەو ئایندەی عێراقیش دەخاتە مەترسییەوە1.
ئەم وتارەی یەکێك لەبەناوبانگترین میدیاو بڵاوکراوە سیاسییەکانی ئەمەریکا نوێترین هێرشی میدیاکانی ئەمەریکایە بۆ سەر سەرانی حیزبە کوردییەکانی کوردستانو لەئەنجامیشدا ئەزموونی هەرێمی کوردستانو مەسەلەی رەوای کورد نیشانەدەگرێ، بەڵام ئەوەی کە ئەم وتارە لەوانی تر جیادەکاتەوە، بۆ نموونە لەو هێرشانەی کە ماوەی دووساڵ زیاترە نیۆرك تایمز دەیانکاتە سەر کورد2، ئەوەیە کە خۆی لەخۆیدا رەخنەو هێرشبردنی تێپەڕاندووەو هەڕەشەش لەخۆدەگرێ، بۆیە بەبڕوای من پەیدابوونی ئەم جۆرە وتارو لێکۆڵینەوانە لەمیدیا سەرەکییەکانی ئەمەریکادا پێویستیان بەهەڵویستەیەکی جیددیەو وادەخوازێت ئەم هەڵوێستە هاوشێوەی ئەوانی تر هەروا بەسانایی بەسەرماندا تێنەپەڕێت..

## پەرەسەندنی هێرشی میدیاکانی ئەمەریکا بۆ سەر کورد

نامەوێ بەڵگە بۆ ئەو راستییە بهێنمەوە کە ئەوەی بەدۆستایەتی وەیان هاوپەیمانی کوردو ئەمەریکا ماوەی چەند ساڵێکە بووە بەخۆراکی تەبلیغاتو راگەیاندنەکانی میدیای حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەسەرچووە، هەر چاودێرێکی سیاسی بارودۆخی سیاسیی عێراقو کوردستان دەزانێت، هەر لەساتەوەختی بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆنو گۆڕانکاری لەستراتیژی ئەمەریکا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی سیاسیو ئەمنیی عێراق، بەرژوەندییەکان گۆڕانو تەوەرەی ململانێکانو هێزهاوسەنگییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهات، بەهۆی لاوازییەکانی ئەمەریکاوە گۆڕەپانەکە هێز هاوسەنگیی دەبیبڕێنێتەوە، ئەوەی کە هێزی زیاتری هەیە بەشی زیاتر دەپچڕێتو دەسەڵاتی ئەوی تر کەمدەکاتەوە.
ئەمەریکا بەهۆی شەڕی عێراقو ئەفغانستانو گوشارو ململانێی رقەبەرە نێودەوڵەتییەکانی لەجیهانێکی فرەجەمسەریو کێشە سیاسیو ئابوورییەکانی ناوخۆی خۆی، هێزی پێشووی خۆی لەدەستداوەو نەك هەر ناتوانێت نەخشەی سیاسیی ئەم وڵاتە بگۆڕێت بگرە تواناکانی هەرچی زیاتر سنووردارتر بووەو ناچارە بەرژوەندیی هێزە سەرەکییەکانی ناوچەکەو عێراق لەبەرچاوبگرێو حسابی بۆ بکاتو ملکەچی بێت. هەر بۆیە لەماوەی دووساڵی رابوردوودا بەلای هێزە سونییەکانو وڵاتانی عەرەبی سونیدا بایداوەتەوەو راکێشانو پەلکێشانی هێزە سونییە بەعسییەکان بۆ ناو حکومەتەکەی مالیکیو بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتیان لەسوپاو دامودەزگا ئەمنیو ئیستخباراتییەکانی پێشوودا بووە بەناوەڕۆکی ستراتیژییە سیاسییەکانی.
بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ ئێراندا چووەتە ناو شەڕێکی ساردەوەو لەپەیوەند بەکوردستانیشەوە بچووککردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانو ئیمتیازاتەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمو سەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بووە بەسیاسەتو ستراتیژی ئەم دەورەیە.
ستراتفۆر «stratfor»وەکو دەزگایەکی تایبەتمەندی ئەمەریکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەی ستراتیژی، لەمبارەیەوە لەپەیوەند بەکێشەی کەرکوکەوە دەنووسێت:
«ئەم قۆناغە بۆ پێگەی کورد لەعێراقدا نارەحەتو دژوارە، وێنەو روخساری سونەکان لەماوەی سێ ساڵو نیوی

رابوردوودا بەشێوەیەکی دراماتیکی گۆڕاوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بەعسییە سونییەکانی پێشوو لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدە بەرەنگاربوونەوەو دەیانەوێ بەشی خۆیان لەکێکی دەسەڵاتی سیاسی بپچڕن«، «دەبێت کوردەکان چاوەڕوان بن بەشێکی بەرچاوی کورسییەکانی خۆیان بۆ سونەکان لەهەڵبژاردنی داهاتوودا بەجێبهێڵن، بەتایبەتی ئەو قورساییەش کەوتووەتە سەر شانی ئەمەریکاو سعودیە تاپشتیوانی لەسونەکان بکەن لەبەرانبەر ئێرانو هاوپەیمانە شیعییەکانیدا، لەبەرئەوە لەڕوانگەی کوردەکانەوە زیادبوونی نوێنەرانی سوونە لەپەرلەماندا واتە زیادبوونی ئەگەری یەکبوونی شیعەو سونە عەرەبەکان بۆ داڕشتنی ئەو یاسایانەی کە دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییەکەی کوردەکان بچوکدەکاتەوە بەتایبەتی لەپەیوەند بەمەسەلەی نەوتەوە.

هەرچەندە ئەم ساتەوەختە زۆر سەختە بۆ کوردەکان سازشێکی قورس لەسەر کەرکوك بکەن، بەڵام لەوەش تێگەیشتوون کە ئۆتۆنۆمیی فراوانی پێشوویان لەدەیەی رابوردووو ئەو سەرمایەگوزارییەی بەلێشاو رووی تێیانکرد تێپەڕیوەو ئەوە دەورانێکی زێڕینیی مێژوویی کورد بوو. هەر بەڵێنێك پێشووتر درابێت لەو راستییە ناگۆڕێت کەکوردەکان لەباری جیۆپۆلیتیکییەوە بەوڵاتانی دراوسێی عێراقو گرووپە ئیتنییە رقەبەرەکانی ئەووڵاتە دەورەدراون کەرێگا لەفراوانبوونەوەی دەسەڵاتی کوردی دەگرن، بەتایبەتیش کاتێك مەسەلەکە پەیوەندیی بەکێشەیەکی هەستیاری وەکو لکاندنو دابەشکردنی کەرکوکەوە هەبێت»، لەم بارودۆخەدایە کە»سەرەنجام هەر سازشکردن بۆ کوردەکان دەمێنێتەوە»3.

ئاشکرایە کە هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ پاشەکشەو سازشکردن بەکوردەکانو دەستهەڵگرتن لەدەستکەوتەکانی پێشوویان لەقازانجی هێزە سونییەکانی هاوپەیمانی ئەمەریکا هەروا بەسانایی تێپەڕنابێو لەگەڵ بەرگریو نارەزایەتیی کوردەکانو پارتیویەکێتیو لیستی هاوپەیمانی بەرەوڕوودەبێتەوە، بۆیە لەلایەن ئەمەریکاو میدیاکانەوە لەمێژە ئامۆژگارییەکان بۆ کوردەکان دەستیانپێکردووەو داوایان لێدەکرێت بەقەد بەڕەکەی خۆیان پێرابکێشنو زیادەڕۆیی نەکەن، واقیعبین بنو سازش هەڵببژێرنو لەدەستکەوتەکانی پێشوویان دەستهەڵبگرنو بەپێی بەرژوەندییەکانی ئەمەریکا بجوڵێنەوە ئەگینا دووچاری مەترسی دەبنەوەو هێرشو گوشار لەسەریان زیاددەکات.

یەکێکی وەکو مایکل ئۆهانلۆن «Hanlon<O Michael» لەپەیمانگای ناسراوی برۆکینز (کە تادوێنێ لەپانێلیواشنتۆندا لەتەمووزی 2007دا لایەنگری دابەشکردنی تەرمی عێراق بوو بۆ سێ بەش کوردستانو شیعستانو سونستان، هاوشێوەی پڕۆژەکەی جوزیف بایدن کە دەنگدانی کۆنگریسی ئەمەریکی لەسەر دابەشکردنی عێراق لەبەرواری 26 ئەیلولی 2007دا لێکەوتەوە) ئەم رۆژانە بایداوەتەوەو وەکو ئامۆژگارێك بۆ کوردەکان خۆی نیشاندەدات.

ئەو لەوتاری «کاتی ئەوە هاتووە کوردەکان واقیع بینبن» بەهاوکاریی عومەر تاسبینار لەرۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە9ی شوباتی 2008دا لەپەیوەند بەگرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم بەدوور لەئیرادەو خوستی بەغدادو هەوڵەکانی کورد بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر کوردستان، دەنووسێت:

«کوردەکان هەڵەی زۆر گەورە دەکەن، ئەوان هەم دەبێت لەگەڵ ئەمەریکادا بەئینساف بن، چونکە ئەو هەلەی پێیەخشین تا لەدووبارە بیناکردنەوەی عێراقی دوای سەدام حسێندا رۆڵێکیان هەبێتو هەم دەبێت کۆك بن لەگەڵ بەرژوەندییەکانی کوردەکانو دراوسێکانیاندا. بەغداد پێویستە رۆڵی هەبێت لەپەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی داهاتووداو هاوبەش بێ لەداهاتەکانیدا، کەرکوك دەبێت پێگەی خۆی لەسیستمی سیاسیی ئێستای عێراقدا بپارێزێت، یان رەنگبێ پێویستبێ وەکو حاڵەتێکی تایبەت سەیربکرێ، بەڵام نابێت بخرێتەوە سەر کوردستان«، «لەبری ئەوەی کوردەکان خەریکی ئەجێندای ماکسیمالیستی خۆیان بن لەکەرکوکداو خەوی سەربەخۆیی ببینن دەبێت واقیعبینی هەڵببژێرن«، «ئەوان تەنیا کاتێك داهاتوویەکی باشیان دەبێ کە لەگەڵ هاوەڵە عێراقییەکانیاندا سازشبکەنو بسازێن، لەگەڵ تورکیادا شەریکایەتی بکەنو بۆندەکانی خۆیان بەئەمەریکاوە باشتر توندبکەنەوە، ئەگەر نا ئەوەدەتوانن ئەجێندای خۆیان بەرنەپێشو سەرەنجام وڵاتەکەیان بەرەو پارچەبوون بەرنو نائارامی پەلبهاوێژێت بۆ گشت ناوچەکە.«4.

رۆژنامەی «نیۆرك تایمز»یش لە23 ئەیلولی ئەمساڵدا بەقەڵەمی نووسەرە ناودارەکەی تۆماس فریدمان بەهەمان رێچکەدا رۆیشتووەو ئامۆژگاریی کورد دەکات کە ئاوێتەی دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق بێت، فریدمان دەنووسێت:

«ئەگەر شیعەکانو سونەکانو کوردەکان گرێبەستی کۆمەڵایەتیی خۆیان بەست، ئەوکات جۆرێك لەحکومەتی ئارەزوومەندانە لەجیهانی عەرەبیدا دروستدەبێت، ئەگەر نەتوانن ئەو کارەبکەن ئەوە پاشاکانو دیکتاتۆرەکان

دەیکەن‌و هەتاسەر دەمێننەوە«، «ئێوە کوردەکان دەبێت رێگاچارەیەك بۆ کەرکوك بدۆزنەوەو زیاترو زیاتر ئاوێتەی سیستمی سیاسیی دەوڵەتی عێراق بین«5.

**سەرەڕۆیی کوردو هەڵوێستی ئەمەریکا**

سەرەتا دەپرسین ئەگەر کوردەکان گوێیان بەو ئامۆژگارییانە نەداو سازشیان نەکردو سەرەڕۆیی بکەن‌و لەسەری بەردەوامبن، ئەوسا چی؟ لەمبارەیەوە ئۆ هانلۆن لەهەمان وتاری پێشوودا دەنووسێت:

«ئەمەریکییەکان هەستدەکەن قەرزێکی ئەخلاقییان لەسەرە لەبەرانبەر کوردەکاندا لەبەرئەوەی لەرابوردوودا رێگەیان داوە سەدام حسێن بۆ چەند جارێك سەرکوتیان بکات. بەڵام لەپاش پاراستنی کوردەکان لەدوای ساڵی 1991و خەرجکردنی سەدان ملیار دۆلارو بەخشینی گیانی هەزاران سەربازی ئەمەریکی لەماوەی 5 ساڵی رابوردوودا، ئیتر ئەو قەرزە ئەخلاقییە تاڕادەیەك دراوەتەوە«6

بەپێی ئەم بۆچوونە بێت ئەوسا ئەمەریکا پاشگەزدەبێتەوە لەبەڵێنەکانی خۆی بۆ پاراستنی کوردەکان، ئەم هەنگاوەش بۆ ئەو ئاسانە، چونکە ئیلتیزامی ئەمەریکا لەبەرانبەر کوردەکاندا تەنیا ئەو «قەرزە ئەخلاقییەیە» کە باسیدەکات‌و ئەویش دراوەتەوە! لەواقعیشدا چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە هیچ بڕیارێکی نێودەوڵەتی نایگرێتەوە تاکو ئەمەریکا پابەندی بێت7، رێککەوتننامەیەکی دووقوڵی؛ چ ستراتیژی چ تاکتیکی لەئارادا نییە، بەڵێنێك لەگۆڕێ نییە، نە بلفۆرێك هەیەو نەویلسنێك‌و نە تەنانەت رێککەوتننامەیەکی دیاریکراو، وەکو یاسر عەرەفاتیش نیە مەدریدێك‌و ئۆسلۆیەك‌و بڕیاڕی نێودەوڵەتی لەچەشنی بڕیاری (181، 242، 2649) تایبەت بەدروستکردنی دوو دەوڵەت‌و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستینی لەگیرفاندا بێ‌و بیخاتە سەر مێزی گفتوگۆکان، بۆیە دەبینین میدیاکانی ئەمەریکا زەمینەی ئەوە خۆشدەکەن کە ئەگەر ئەمەریکا لەپشتیوانیی کوردەکان پاشگەزببێتەوە تاوانێکی نەکردووەو کوردەکان هەرچییان بەسەربێت گوناهی خۆیانەو خۆیان دەمیان بۆ جامە پڕ لەزەهرەکە بردووە.

کەواتە ئەگەر ئەو «قەرزە ئەخلاقییە» درابێتەوە ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوەو هەیەو نییە کۆمەڵێك خاڵی ناو دەستوورە، کەئەویش بەڵگەنامەیەکی ناوخۆییەو دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان تێیدا سبەی بەهێزهاوسەنگی ناوخۆو گۆڕینی دەستەبەندییەکانی پەرلەمان قابیلی لێسەندنەوەیەوە وەکو چۆن لەیاسای نەوت‌و گازو لەمەسەلەی سوپاو لەمەسەلە گشتییەکانی تردا ئەو دەستکەوت‌و ئیمتیازاتانە وەرگیراونەتەوە.

بۆیە لەغیابی پابەندبوونێکی ستراتیژیدا سیاسەتی رۆژو بەرژوەندیی رۆژ چوارچێوەی پەیوەندییەکانی کوردو ئەمەریکایە، هەرچی خزمەتەکانی سەرانی حیزبە قەومییەکانی کوردستان بوو بەئەمەریکا هەر لەپەسەندکردن‌و شەرعیەتدان بەشەڕو داگیرکاریی ئەمەریکاو ئەم دواییانەش پشتیوانیی بێئەملاو ئەولا لەرێککەوتننامەی ستراتیژیی ئامادەکراوی ئەمەریکا لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکیداو ....تاد، ئەمانە هەمووی خزمەتی سەربازێکی ون بوون، سیاسەتی رۆژبوون‌و ئەو نانەش نانە ئەمڕۆ لەخوانە!

**هێرشەکان‌و سیاسەتی رەسمیی ئیدارەی ئەمەریکا**

پەرەسەندنی ئەم هێرشانە بۆ سەر کورد لەلایەن زۆربەی میدیاکان‌و ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ئەمەریکاوە (نەك هەر بەتەنیا لەلایەن لۆبی تورکییەوە) هاوکاتە لەگەڵ هەنگاوەکان‌و سیاسەتەکانی ئیدارەکەی جۆرج بۆش بۆ بەهێزکردنەوەی مەرکەزیەتی حکومەتی ناوەندی‌و پەراوێزخستن‌و بچووککردنەوەی هەرێمی کوردستان‌و دەسەڵاتەکانی، ئەمە بەکردەوە لەبڕیارو یاساکاندا پەیڕەوو پراکتیزەکراوە، بۆ نموونە لەپەیوەند بەپڕۆژە یاسای نەوت‌و گازەوە کەئەمەریکییەکان ئامادەیان کرد، یان لەپەیوەند بەیاسای پارێزگاکان کە بەهەر جۆرێك بووە خوازیاری سەپاندن‌و تەمریری بوون، یان لەپەیوەند بەپاڵپشتی هەمەلایەنە لەملهوڕییەکانی سوپای عێراق لەتەواوی ناوچەکانی ئەم وڵاتەداو هێنانەوەی ئەفسەران‌و سەربازانی بەعسی پێشووی سوپاو زەمینەخۆشکردن بۆ گەڕانەوەی عەسکەرتاریەتی بەعس بەهەمان ناوەڕۆك‌و شێوازی قێزەونی پێشووەوە.

لەلایەکی ترەوە هێرشەکانی باڵوێزی ئەمەریکا هاوارد کیگن لەکەرکوك نیشانەیەکی تری گۆڕین‌و وەرچەرخانی سیاسەتی رەسمیی ئەمەریکایە بەلای پێکهاتەکانی تری ئەو شارەدا، وەك عەرەب‌و تورکمانەکان، ئەو هێرشانە نیشانەی ئەوەبوون کە ناوبراو هەمان ئەو رستەو سیاسەتانە دەجوێتەوە کە ماوەی چەندین ساڵە بەرەی تورکمانی‌و رەوتە عەرەبییە شۆفینییەکان دووپاتیدەکەنەوە.8

لەبەرئەوە ئەو نووسین‌و هێرشانە بەشێوەی جۆراجۆر لەیەك دوو ساڵی رابوردوودا بەجۆرێك دەربڕی سیاسەتی

مەرکەزیی ئەمەریکابوون، راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن سەرەتای ئەم هێرشانە بوو بۆ سەر هەرێمی کوردستانو ئەڵقەکانی دواتریش ئەمانەی ئێستان.

**کوردستان: گەمەکردن بە کارتە سیاسییەکان**

**1/ لە گوشارەوە بۆ مەنگەنەی سیاسی**

لە کەس شاراوە نییە کە ئەمریکا هەڵوێستی پارتیو یەکێتیو حکومەتی هەرێمی وەکو کارتێکی باش بەکارهێنا بۆ شەرعیەتدان بە شەڕی رووخانی رژێمی بەعسو دواتر شەرعییەتدان بە داگیرکاریو دووبارە بیناکردنەوەی دەوڵەتی عێراقو سیستمی سیاسی هەرەسهاتووی وڵات، هێشتا ئەمریکا بەباشی یاری بەم کارتە دەکاتو لەترسی ئەگەرەکان دەستبەرداری نەبووەو فڕێینەداوە، بەتایبەت ئەم دواییانە بۆ پەسەندکردنی رێککەوتننامەی ستراتیژی سەربازی ئەمریکا-عێراق بەباشی کەڵکی لێوەرگرتووە.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا یاریکردن بە چارەنووسی میللەتی کورد لەلایەن ئەمریکاوەو ئیستغلالکردنی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان یەکێك لەخەسڵەتە دیارەکانی بارودۆخی سیاسی عێراق بووە. ئەگەرچی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لێرەو لەوێ ملیان بەهەموو مەرجو سیاسەتەکانی ئەمریکا نەدابێتو تاقیبی بەرژەوەندی جیاوازیان کردبێ ئەوە بەردەوام لەسەربووە بۆ ئەوەی لەخەت لانەدەنو هێڵەسوورەکان نەبەزێنن. فشاری بەردەوام لەسەر کورد لەکەس شاراوە نییەو بەتایبەت لەدوو ساڵی رابردوودا کەس باسی نەکردبێ ئەوە هەموو جارێك مەحمود عوسمان ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغداد فشارهێنانی بەردەوامی ئەمریکای بۆ پارتو حزبە سەرەکییەکانی کوردستانو لیستی هاوپەیمانی لەپەرلەمانی عێراق بۆ سازانو تەوافوقو سازشکردن دەربڕیوەو دووپاتیکردۆتەوەو لە برگە جیاوازەکاندا ناوەڕۆکو شێوەی ئەو فشارو گوشارانەی روونکردۆتەوە.

بەڵام هاوکات بۆ پاشەکشەکردنو ناچارکردنیان بە سازشی زیاتر ئەو فشارانە ئەم ماوەیە بەجۆرێك لەسەر پارتیو یەکێتیو لیستی هاوپەیمانی زیادی کردووە کە وەکو مەنگەنەیەکی لێهاتووەو پانتایی جوڵەو هەڵسووڕانی تەسك کردوونەتەوەو برستی لێبڕیون.

**2/ کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکییە مێژووییەکانی پارتی دیموکراتو یەکێتی نیشتمانی**

ئەگەر کورد لەکوێوە بای ئەمریکا هات لەوێوە شەنی نەکرد ئەوکات ئەمریکا هەگبەکەی خاڵی نییەو دەرگا بەڕووی هەموو ئەگەرەکاندا دەکاتەوە. سیناریۆکان حسابیان بۆ کراوەو داڕێژراونو کارتەکان ئامادەکراون، لەم گەمە سیاسیو قوماربازییەی عێراقدا ئەمریکا یاری بەهەموو کارتەکان دەکاتو بەپێی رۆژ بەکاریان دەهێنێت..
هاوکات لەگەڵ گوشارو لە مەنگەنەدانی بەردەوامدا ئەمریکا کارتی یاریکردن بە ململانێی نێوان پارتیو یەکێتیو ئیستغلالی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو پارتەی لەبەردەستدایە، ستراتفۆر لەپەیوەند بەناکۆکی مێژوویی پارتیو یەکێتیو تێکچوونی باری تەندروستی جەلال تاڵەبانی لەبەرواری 14ی ئابی 2008دا دەنوسێت:

«لەدوای ساڵی 2003وە پارتیو یەکێتی هاوپەیمانێتییەکی سیاسییان پێش دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دروستکرد، ئەو یەکپارچەییەی 5 ساڵی رابردووی کوردەکان بێگومان حاڵەتێکی شازی مێژووی ئەوانە»! «هەرچەندە ناوچە سەختەکەی کوردەکان ئەوانی بەجۆرێك لە دەستدرێژییەکان پاراستووە، بەڵام هاوکات پەرتەوازەبوونێکی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە کە بووە بە سەرچاوەی ناکۆکیو ململانێی قووڵو رەگداکوتاوی خێڵەکی کە هەمیشەو بەشێوەیەکی ئاسایی دووبارەبووەتەوەو شەڕی ناوخۆی سەرتاپاگیری هەڵگیرساندووە. تەنانەت لەبەرانبەر دوژمنە هاوبەشەکانیشدا جا ئەو دوژمنە تورکیا بووبێ یان صدام حسین ئەو دووبەرەکییە ناوخۆییەی کورد دووبارە لەپێشتربووە، ئەم بارودۆخە دەرگای خستۆتەسەر پشت بۆ هێزە دەرەکییەکان تاکو بەباشترین شێوە هەلەکان بقۆزنەوەو ئەم دووبەرەکییە ئیستغلال بکەن لەدژی نەیارو رقەبەرە ناوچەییەکانیان»9.

هەر لەم روانگەیەوەو بۆ لێدان لە ژێیە نەسازەکانی دووبەرەکی پارتیو یەکێتیو ناچارکردنی سەرکردەکانیان بۆ شوێنکەوتنو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا سام برانن لە (World Politics Review)دا کاتێك باسی جیاوازییەکانی سەرکردە کوردەکان دەکات رەخنە ئاراستەی مەسعود بارزانی دەکاتو بە شانوباڵی تاڵەبانیدا هەڵدەدات، ئەو دەنوسێت:

«جیاوازی تاڵەبانیو بارزانی سەرنجراکێشە، تاڵەبانی لەدوای رزگاربوونو کۆتاییهاتنی دەسەڵاتدارێتی بەعس لەبەغداد چەندین ساڵە ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ یەکخستنی فراکسیۆنە جیاوازەکانی عێراقو لەم بوارەدا بەناوبانگەو زۆرجار رۆڵی ناوبژیوانی لەنێوان کوتلە جیاوازەکاندا وەیان لەنێوان ئەمریکاو ئەوانی تر لەناوچەکەدا گێراوە، بەڵام مەسعود بارزانی لەلایەکی ترەوە لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا هەر خەریکی قایمکردنو چەسپاندنی دەسەڵاتو نفووزی خۆی بووە لەهەولێر پایەختی ئەو کوردستانی عێراقەی تابێت بەرەو سەربەخۆیی ملدەنێ، لەوێ ئەو، بەدەر لە ئیرادەی حکومەتی ناوەندی، سەرقاڵی گرێبەستە نەوتییەکانە، ئەو هاوکاریکردنی تورکیای رەتکردووەتەوە بۆ لێدان لەپەکەکەی تیرۆریست کە خەریکی ئۆپەراسیۆنەکانێتی لەو ناوچانەدا کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە»10.

**3- راکێشانی کارتی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی**

ئەمریکا دەیەوێت هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان سەنگێکیان هەبێو لەبەرانبەر پارتیو یەکێتیدا قوتببنەوەو حسابیان بۆ بکرێتو لەکاتی پێویستدا وەکو «زەخیرەیەکی کۆنەپەرست» بەکاربهێنرێن. بادانەوەو لاوانەوەی یەکگرتووی ئیسلامیو بانگهێشتی سەلاحەدین محەمەد بەهادین بۆ ئەمریکاو سەردانە جیاوازەکانی لەم چوارچێوەیەدا قابیلی لێکدانەوەیە.. راکێشانی ئەم کارتە بۆ ئەمریکا شتێکی شاراوە نییەو لەگشت رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پەیرەوی کردووەو لەعێراقیشدا ئەم چەند ساڵە دەستی بۆ بردووە، نابێ ئەوەشمان لەبیرچێت ئیسلامییەکانی فەلەستین سەرەتا لە پاڵتوکەی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە سەریان دەرهێناو دواتر کەوتنە سەرپێ، حەماس سەرەتا لەلایەن ئیسرائیلەوەو بۆ دووبەرەکی نانەوەو دروستکردنی کێشەی ناوخۆیی دەست بەباڵیەوە گیرا، ئێستا هەمان پرۆسە سەرەتاکانی لەکوردستاندا دەستی پێکردووەو ئیسلامییەکانی کوردستانیش وەکو چۆن داردەستی سعودیەو ئێرانو ملکەچو پاشکۆی ئیخوان موسلمینی جیهانن بەهەمان شێوە ئامادەن بچنە ژێر پاڵتوکەی ئەمریکاوەو لەناو ئەو گەمەی شەیتانەدا دەستیان لەدەسەڵات گیرببێ! هەربۆیە ئەمریکا بەدەستێك ئیسلامییەکان رادەکێشێو بەدەستەکەی تر دەکێشێت بەسەری پارتیو یەکێتیداو تۆمەتباریان دەکات بەوەی گەندەڵنو سەرەنجام بەم کارەیان ئیسلامییەکان دەکەن بە بەدیلی خۆیان، هەر لەم بارەیەوە سام برانان دەنوسێت:

«گەندەڵی لە کوردستاندا سەرتاپاگیرە»، «پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان ئیسلامی سیاسییە کە رەگی خۆی داکوتاوەو لەگەندەڵییەوە تێوەنەگلاوەو پانتایی سیاسی داگیرکردووە».11

ئەم پەیامە بەگوێی سەرانی پارتیو یەکێتیدا دەدرێ کە ئەگەر سبەی ئەمریکا پشتی کردە ئەمانو باوەشی بۆ ئیسلامییەکان کردەوە ئەوە پەیوەندی بە خراپی دەسەڵاتدارێتی خۆیانەوە هەیە نەك شتێکی تر.

**5- دەرگاکردنەوە بە رووی پەلامارو تەدەخولی وڵاتانی دراوسێدا**

بۆمبابارانی بەردەوامی تورکیاو ئێران بۆ سنوورەکانی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا نموونەیەکی ئاشکرای بەکارهێنانی ئەم کارتەیە لەلایەن ئەمریکاوە، چاوپۆشی ئەمریکا لەم کردەوە ملهوڕییە سەربازییانەی تورکیا لەناوچەکەداو بێدەنگی لەبەرانبەر بۆمبابارانی ئێراندا نیشانەی ئەوەیە ئەمریکا کورد وەکو نێچیرێك سەیردەکات کە ئەگەر ملکەچی فەرمانەکانی نەبن ئەوە بە هەژدیهاکانی ئەودیوسنوور دەیانترسێنێتو ئەگەر پێویستی کرد جاروبار هەندێك نێچیر بەقوڕگیاندا بکات.

**6- گورزو رێگاچارەی سەربازی**

ئەگەرچی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەڕەشەکان لەکورد لەلایەن ئەمریکاوە کەمتربووە، بەڵام ئەم هەڕەشانە ئەم ماوەیە زیاتربوونو هێشتا زووە بۆ ئەوەی بووترێت کەئایا چۆنو چ کاتو چ شکڵو شێوەیەکی سەربازی بەخۆوەدەگرێت.

شوبهاندنی مەسعود بارزانی بە یاسر عەرەفاتی کوردستان سەرەتا لەلایەن مایکل رۆبنو دواتریش لەلایەن سام برانن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ واتە هەڕەشەی پەراوێزخستنو گەمارۆدانی سەربازیو سەرەنجام تیرۆرکردنی لەباری سیاسییەوە لەکێشەی فەلەستیندا، ئەو عەرەفاتەی چەندین رێککەوتننامەی لە چەشنی رێککەوتننامەی مەدریدو ئۆسلۆو کامب دیڤید بەسەرپەرشتیو چاودێری راستەوخۆی ئەمریکا واژووکردو سەرەنجام دوای نزیك بە 10ساڵ لەدانیشتنو وتووێژو سەفەری واشنتون کاتێك نەیتوانی مل بۆ سازشەکان درێژبکات پەراوێزیان خستو گەمارۆیان داو دواتریش لە بارودۆخێکی نادیاردا دەرمانخوارد کرا.

لەلایەکی ترەوە ترساندنی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە کودەتای سەربازیی سوپای عێراق نیشانەیەکی ترە بۆ ئەوەی ئەمریکا ئەم سوپایە لەدژی هەمووان دەخاتەگەڕو دەوڵەتی عێراق تەسلیم بەدەسەڵاتی عەسکەرەکانو جەنەراڵەکان کە هەمان ئەوانەی پێشووی بەعسن دەکاتو ئەرکی قایمکردنو چەسپاندنی دەسەڵاتی سانترالی بەغداد بەوان دەسپێرێت. هەر ئێستا لە 80% ئەفسەرانی سوپا هەمان ئەفسەرە بەعسییەکانی پێشووی عێراقنو لە 50% سەربازەکانی ئەو سوپایە هەر سەربازانی پێشوونو بەهێزترین لیوای عێراقیش کە لیوای یەکە لە 60% لە سوننەکان پێکهاتووە.12
ئەم سوپایە کە تازە رێکخراوەتەوە بەردەوام پڕچەك دەکرێو لەبەرانبەر بەدەسەڵاتی پێشمەرگەدا ئەم دواییانە خەریکی پرۆسەی راهێنانو تاقیکردنەوەبوو.

**سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی فەلەستین**

پێش لە مایکل رۆبنو سام برانن ساڵێك لەمەوپێش لەپەیوەند بەتەنگژەکانی کێشەی کەرکوکەوە حاڵی سەرکردەکانی کوردم بەحاڵی یاسر عەرەفات شوبهاندبوو، ئەوکات وەکو هۆیەك بۆ ئەزموون لێوەرگرتنو هۆشداریو بەئاگاهاتنەوە ((نەك وەکو رۆبنو سام برانن بەنیەتی هەڕەشەکردن) رامگەیاند:
«ئەو هێزانە ئێستا کەوتوونەتە ژێر گوشاری ئەمریکاو هێزە سوننییەکانەوەو لەوبارەیەوە لە مەنگەنەدراونو بێبەدیلو رێگاچارەنو سەرگەردان ماونەتەوە، ئەگەر پاشەکشەی جددی بکەن بنەماو دروشمەکانی رابردوویانو موزایەدەکانیان لەسەر کەرکوك دەبێت بەبڵقی سەرئاو، ئەگەر لەسەر هەڵوێستەکانی رابردووشیان هەرچەند لاوەکی بێت بەردەوامبن ئەوە سنوورەکانی گەمەی سیاسی لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان دەبەزێننو گڵۆپی سووریان بۆ هەڵدەکرێ»، «حاڵی ئەمان لەحاڵی یاسر عەرەفات دەچێ، زۆرجار چارەنووسی سەرکردە قەومییەکانی کوردم شوبهاندووە بە چارەنووسی یاسر عەرەفات سەرۆکی پێشووی فەلەستین، عەرەفات لەسەر قودس زۆر پێش لەسەرانی ناسیۆنالیستی کورد لەسەر کەرکوك دووچاری ئەم گرفتانەبوو».13

ئەگەر بڕیارە چارەنووسەکەی عەرەفاتو فەلەستینییەکان چارەنووسی سەرکردەکانو خەڵکی کوردستان نەبێ، ئەوە دەکرێ بەوردی بیر لە رێگاچارەیەکی تر بۆ دەرچوون لەم بارودۆخە بکرێتەوە، چیرۆکی خەڵکی فەلەستین هەر چیرۆکی ئازارو تراژیدیا نییە بەڵکو بەشێکی گەورەی ئەزموونی بەرخۆدانو بەرگریو تێکۆشانە، شەڕێکی گەورەو فراوانە بۆ مانەوەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی سەربەخۆ. بەبڕوای من گرنگترین سیاسەتو ستراتیژی لەم بارودۆخەدا ئەوەیە کە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیفاکتۆ لەهەرێمی کوردستاندا دەستپێبکاتو بەجددی لەهەوڵی خۆبەهێزکردنو بەدەستهێنانی سەروەری خۆیدا بێت، چۆنێتی ئەو پرۆسەیەو قۆناغەکانی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە لەوتاری تردا رۆشنایی دەخەمە سەریان.

بەبڕوای من ئەگەر پارتیو یەکێتی بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ نەدەنو بەم سیاسەتو ئاراستەیەدا نەڕۆنو خەڵکی کوردستانیش ناچاریان نەکات برێکو ئیستێك بکەنو ئاوڕبدەنەوە ئەوە دووبەرەکی هەناوی خۆیانو خەڵکی

کوردستان دەخواتو ئەوەی بەسەر فەتحو حەماس سەرکردەکانیان لەچەشنی یاسر عەرەفاتدا هات، دوورنییە دووبارەبێتەوەو ئەوسا خەڵکی کوردستانیش وەکو خەڵکی فەلەستین بۆ قۆناغێکی تر دەبنەوە بەقوربانی چەوسانەوەو زوڵمی نەتەوایەتیو بێمافییەکانی تر..

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


، (ۆرد پۆلیتیکس ریفیو: 1ی ئۆکتۆبەری 2008: حوکمڕانی 1www.world politics review/ پێگەی:
چەوتی مەسعود بارزانی: یاسر عەرەفاتەکەی کوردستانی عێراق-سام برانن)..
دۆسیەی نیۆرك تایمزو هێرش بۆ سەر کورد.2www.sbeiy.com/ پێگەی سبەی:
) :عێراق: بۆمبە تەوقیتکراوەکەی کەرکوك چرکەی دێ: لە8ی ئابی 3www.startfor.com/ پێگەی ستراتفۆر (
2008دا)
4/ رۆژنامەی واشنتۆن پۆست: کاتی ئەوە هاتووە کوردەکان واقیع بین 9 شوباتی 2008)
5/ (تۆماس فریدمان-رۆژنامەی نیۆرك تایمز 23 ئەیلولی 2008)
6/ سەرچاوەی ژمارە 3
7/وتاری «لەپەیوەند بەهێرشەکانی سوپای تورکیاوە: پێویستی بەنێودەوڵەتی کردنی کێشەی کورد» ئازادی ژمارە 26 ، کۆتایی کانوونی یەکەمی .2007
8/ رۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە 820و 821:ووتوێژ لەگەڵ هاوارد کیگن کونسوڵی ئەمەریکا لەکەرکوك بەرواری 22و2008/9/23).
9/ ستراتفۆر: تەندروستی تاڵەبانیو یەکپارچەیی کورد، 14ی ئابی 2008).
10/ سەرچاوەی ژمارە .1
11/ هەمان سەرچاوە.
12/ وتاری: چۆن عێراقێکی ئارام بەجێبهێڵین- بەقەڵەمی ستیفن بایدنو هانلۆنو پۆلاك لەبەرواری سێپتەمبەری 2008www.foreignaffairs.org.) لە پێگەی (
13/ رۆژنامەی ئازادی ژمارە 24 لەئەیلولی 2007دا.